تیرۆرکراوە، بەڵام تا هەنوکە هەر وەکو خۆی پێشبینی کردووە تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە :

**زانیم من کوژراوم**

**قاوەخانە و گۆڕستان و کڵێسەکان گەڕان**

**بەرمیل و ئەمبارەکانیان کردووە**

**سێ پەیکەری ئیسقانیان دزی، تا دانە ئاڵتونییەکانیان هەڵکەنن**

**بەڵام منیان نەدۆزییەوە !**

**ئایا منیان نەدۆزییەوە ؟**

**بەڵێ منیان نەدۆزییەوە ! ...**

لۆرکا لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ یەکێک لە رۆژنامەنووسان وتوویەتی:"باوکم جووتیارێکی دەوڵەمەند و ئەسپ سوارێکی بەتوانا بووە، دایکیشم لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگبووە ..". باوکی برا گەورەی خێزانێک بووە، کە لە دوو برا و دوو خوشک پێکهاتووە و لۆرکا ساڵانی بەرایی تەمەنی لە کێڵگەی خێزانەکەی بەسەر بردووە، لۆرکا بەهۆی نەخۆشییەکەوە کە تا تەمەنی چوار ساڵان لەگەڵیدا بووە نەیتوانیوە ڕێ بکات و لە لاوێتیشدا بەهۆیەوە تۆزێ شەلیوە، بە ڕای (ر.م. نادال)ی هاوڕێی"ئەو شەلییە کاریگەری بە سەر ژیانی لۆرکا بەجێهێشتووە، بەڵام نەبووتە هۆی ئەوەی کە بەسەر گیانی گاڵتەجاڕی لۆرکادا زاڵبێت"، لەئەنجامی نەتوانایی یاریکردن لە تەمەنی منداڵیدا توانایی خەیاڵکردن و هەستکردن لەلای لۆرکا بەهێز بووە و هەوڵیداوە لە ڕێگەی دروستکردنی جیهانێکی تایبەت بەخۆیەوە



چێژ لە دەوروبەری خۆی وەربگرێت، لۆرکا بەهۆی شانۆی بووکەڵەوە و خۆ خەریککردن بە نواندنەوە خێزانێکی بچووکی بۆ خۆی دروستکردبوو، یەکەم شتیش کە بە پارەی مەسروفی رۆژانەی خۆی کڕی، شانۆیەکی تەواوی بووکەڵەبوو، نەبوونی دەقی شانۆیش نەبووە تەگەرە لە بەردەمیدا، چونکە خۆی دەقەکانی ئامادە دەکرد، ئەم کارەیشی بوو بە بنەڕەتێك بۆ کارە گرنگەکانی، واتە نووسینی دەقی شانۆیی.

هیچ شتێکی سەرنجڕاکێش لە ساڵە بەراییەکانی تەمەنی لۆرکادا بەدی ناکرێت تا لێی وردبینەوە، تەنها ئەوە نەبێت، کە لەسەر دەستی دایکی فێری ئەلفوبێ بووە و ژیانی زۆر بە هێمنی لە ناو خێزان و کێڵگەکەیاندا بەسەر بردووە، کە ئەمەی دووایان بۆ خۆی بووە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان لۆرکا و لادێ و ژیان و نەرێتە پاکیژەکانی لادێ و بەیت و گۆرانییە میللیەکان .. تەنانەت پێش ئەوەی فێری قسەکردن بێت، ئاوازی چەندان گۆرانی باوی لەسەر لێوان بووە، کە ئەمەش وەکو خۆی دانی پێدا دەنێت "بابەت گەلێك بوونە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی شاعیرێتی".

کاتێك تەمەنی لۆرکا گەیشتە ئەوەی ڕوو بکاتە قوتابخانە، خێزانەکەی چوونەتە گرناتە، تا لەوێ لۆرکا بچێتە قوتابخانە، کە گەورەش بوو ڕوویکردە زانکۆی گرناتە، بەڵام خوێندنی لەوێ تەواو نەکرد، پاشان چووە زانکۆی مەدرید، بە هەمان شێوە نەیتوانی خوێندن لەوێش تەواو بکات، ئەمەش لەبەرئەوەی کە



هەرگیز ئارەزوومەندی ئەوە نەبووە خوێندنی ئەکادیمی تەواو بکات، چونکە هەمیشە جیهانی دەرەوەی زانکۆ و ژیان لە نێو هاوڕێ و قاوەخانە و پیاسەی ئێوارانی باخە نزیکەکانی گرناتە و کەشوهەوای لادێ سەرنجی ڕاکێشابوو و مەستی کردبوو.

ئاشنابوونی لۆرکا بە قەرەجەکان سروشی زۆر بابەتی پێبەخشی، پاشان لە چوارچێوەی مەزنترین کاری شیعریدا پێشکەشی کرد، تەنانەت لە ناویاندا فێری ژەنینی پیانۆ و گیتار بوو، ئاشنابوونی لۆرکاش بە (مانویل دی ڤالا)، کە پاشان بوو بە نزیکترین هاوڕێی و خاڵی وەرچەرخان بوو لە ژیانی لۆرکادا، چونکە ڤالا جگە لەوەی هاوڕێی بوو، ڕێ پیشاندەریشی بوو، ڤالا هەمیشە هانیدەدا بۆ کۆکردنەوەی گۆرانییە میللییەکان و نووسینەوەی نۆتەکانیان، هەروەها خوێندنەوەی شاکارە کلاسیکییە مەزنەکانی وەك: شکسپیر ـ ئەپسن ـ ڤیکتۆر هۆگۆ ـ ماترلینگ و هەمووو ئەوانەی کە بە نەوەی (٩٨) ئاماژەیان بۆ دەکرێت، وەك: ماچادۆ ـ ئانامۆنۆ ـ ئاسۆرین و هەروەها شاعیرە ڕۆمانتیکەکانی هاوتەمەنی خۆی، وەك: داریۆ ـ خوان رامۆن خمینس .. هەر لە ڕێگەی هاندانی ڤالاوە ئاشنا بە شانۆیی گریکی بوو، کە یەکێك لە بابەتە پڕ بایەخەکان بوو بە لای لۆرکاوە.

لۆرکا لەگرناتەدا چەندان تاقمی هاوڕێی هەبوو، لەوانە شێوەکار و پەیکەرتاش و مۆزیکست و شاعیر و توانی لەگەڵ (دی ڤالا)ی هاوڕێی فێستیڤاڵی (ئەلکانتی خۆندۆ) تایبەت بە گۆرانییە میللیەکانی باشووری ئیسپانیا ڕێکبخات. هاوکات پەیوەندی لەگەڵ



قەرەجەکان لە بواری گۆرانی و سەما پتەوتر دەبوو، لەم باریشەوە "خ . ب . ترێند" دەڵێت: "ڕووناکبیرانی ئیسپانیا لەو ماوەیەدا عاشقی (ئەلکانتی خۆنیدۆ) ببوون، چونکە عەوداڵی گەڕان بوون بە دوایی کەلتووری نیمچە دوورگەیی ئیبیریا"، گومانیش لەوەدا نییە، کە لۆرکا یەکێك بوو لەوانەی ئەو کەلتوورە سەرنجی ڕاکێشاوە و پەلکێشی کردووە بۆ لای قەرەجەکان.

ساڵی (١٩١٨) لە گرناتەدا لۆرکا یەکەم کتێبی بە چاپ گەیاند لەژێر ناونیشانی (تێڕامان و دیمەنەکان)، ئەم کتێبە بریتی بوو لە سەرنج و تێڕامانەکانی لەبارەی ئەو گەشتانەی کە بە ئیسپانیادا کردبووی، لەگەڵ تیمێکی زانکۆی گرناتە کە مامۆستای ئەدەب سەرپەرشتی دەکرد، ساڵی پاش ئەمەش بە ئومێدی تەواوکردنی خوێندنی ئەکادیمی ڕوویکردە زانکۆیی مەدرید، بەڵام جارێکی تر مەیلی بەلای ئەو ئومێدە لاواز بووەوە، لەگەڵ ئەمەشدا بەخت یاوەری بوو، بەوەی پەیوەندی بکات بە بەشی ناوخۆیی خوێندکارانەوە، کە دەزگایەکی خاوەن نەرێتی ئازاد بوو، لەم دەزگایەشدا بە گەورە شاعیرانی ئیسپانیا ئاشنابوو، لەوانە : ( ئەنتۆنیۆ ماچادۆ ـ خوان رامۆن خمینیس ـ بدرۆ سالیناس ـ خوان مۆرنیۆ ڤێلا ـ رافائێل ئەلبرتی ـ گۆرگی جیلین) لەگەڵ (دۆن ئەلبرتۆ خمینیس) سەرۆکی دەزگاکە، پاشان بوو بە هاوڕێ و مامۆستایی، ئەم پیاوە لۆرکایی پەروەردە کرد لە ڕووی ڕووناکبیریی و گەشەپێدانی کەسایەتییەوە، لەو شوێنەشدا لۆرکا